# كورد سات و چڵ خولەک بۆ کەرکوک

حەمەشوان

هەر کەسیک بە وردی ئەو کەناڵە ئاسمانیە ببینی بە چاویکی بیلایەنە نەک بەچاویکی حزبیانەو عاتیفە ئەو راستیەی بۆ دەردەکەوی کە ووشەی کورد ەکە لابدەن ووشەیەکی پڕ بە پیستی خۆی بۆ دابنەن باشترە تا کەسیش گلەیتان لیٚ نەکات دیارە من یەکەم کەس نیم ئەو راستیەم بۆ دەرکەوتە بەڵکو زۆرکەس ئەمە دەزانیۆ لەسەری نوسرا .

ساڵی 1991 بۆ لە ماڵیکی ناسیاو بووم لە سلیمانی تەلەفزیونەکەی کردەوە وینەیەک دەرکەوت ووتی ئەمە تەلەفزیونەکەیە لە سلیمانی دامەزراوە ئەو کاتە تیست دەکرا گۆرانی دەوترا تیدا ئەوەندە دلّخۆش بووم لە خوشیدا کۆمەڵی لە ئازارەکانی ئاوارە بونم لەبیر چۆ .پاش جەند ساڵیک کەناڵەکان زیادیان کرد حزبەکان بونە خاوەن چەندین کەناڵی تەلەفزیون و رادیۆئەم کارانە بۆ هەمۆ کوردیک دلّخۆشکەر بۆ کورد لەپاش رادیۆیەکەوە لە چیاکانداپەخش دەکرا بەیەک ئامیرەوە ناوی نرابۆ ئیزاعەکەی کوردستان ئیستاکە بۆینەتە خاوەن چەندین کەناڵی تەلەفزیون و رادیۆی زۆر پیشکەوتو ئەم شتانە هەمۆ پیرۆزەئەگەر لە خزمەتی هەمو کورد بی ئەوانە کاری باشیان زۆر کردە نکۆڵی لەوە ناکریبەلاّم هەمۆ راگەیاندنیک دەبی لەخزمەتی هەمۆ خەڵکی ئەو ووڵاتە بی نەک کۆمەڵیکئەگەر وا بروات ئەوە دەگەرینەوە سەر کردەوەکانی بەعس .بۆ ئەوەی جەماعەتی هین سات بە ئاگا بینەوە ئەگەر وابزانن ئەوە کورد ساتە ئەوە زۆر هەڵەن لەسەر خەلکیشە بە ئاگایان بینەوە ئەگەر هەر وا بڕوات ئەوە بی دەنگی تاسەر نابی لای کوردەوە ؟؟ بە نسبەت سنوری کەرکوکەوە.

نامەوی باسی پیش ئازادی عیراق بکەم چۆنکە لەو کەنالانەوە زۆر سوکایەتی بە خەڵکی ئەو سنورەوە کراوە بەلاّم لە ئازادی عیراقەوە ئەو کەناڵە تەنها گورانیەکی عەلی مەردان دەخاتە سەری ئاوەرەکانی سلیمانی کە بازرگانیان پیۆە دەکرا ئیستا لەناۆ کەرکوک نیشان دەدا ...ئەوەی زیاتر سەرنجی راکیشام ئەو بەرنامەیە بۆ لە شەوی 2.3.2005 نیشان درا لە کەنالی هین سات کە هیچ سودیکی نەبۆ تەنها هەندی کەسیان هینابۆ تەنها بە دلّی هین سات و حزبەکانیان قسەیان کرد نەک بۆ کیشەی ناۆ کەرکوک تەنها یەک کەسیک ویستی راستی کیشەکان باس بکات ڕیگەی پی نەدرا ئەویش کوریکی گەنج بۆ ریشی هەبۆ یەکسەر بەرنامەکەیان تەواو کرد.

پاش چڵ خولەک بە راستی یان ناوەکە بگۆرن یان عەقلیەتی خوتان بگورن